کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
4-7-2007 16:25 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە پان و بەرینی لە تەقینەوە دایە ... مەهدی کاوانی:**



نازانم چۆنی باس بکەم، ڕووداوەکان لە عیراق لە نێوان شیعەو سوننە، هەرێمی کوردستان لە گەڵ تورکیا لە ڕێگای خڕبوونەوەی سوپای تورکی بە قەبارەیەکی بەرزەوە لە سەر سنورەکانی هەرێمی کوردستان، قەیرانی حوکم لە تورکیا لە نێوان دین و عەلمانیەکان، قەیرانی حوکم لە لوبنان لە نێوان تەیاری دیموکراتی بە هەموو حیزب و تاقمە سیاسیەکانیان لە گەڵ حیزبوللە وئەوانەی تری هاودۆستی سوریاو ئێران، دروست بونی دوو کیانی فەلەستینی حەماس و فەتح، نزیک بوونەوەی کەشتی گەلی سەربازی ئەمەریکی لە کەنداوی فارس و ئەو نارِیکیەی نێوان ئەمەریکیەکان لە گەڵ لایەنی سوری و ئێرانی بەوەی کە یارمەتی تیرۆڕستان لە عیراق ولوبنان دەدەن جگە لە تاوانبارکردنی ئێران بە دروست کردنی چەکی نەوەوی و دەیان کێشەی خوێناوی لە ناوچەکە. بەڵێ دەکرێت بوترێت هەموو لایەک لە تەقینەوە دایەو پێشبینی ئەوەی لێ دەکرێ کە وەک بورکانێ سەرەو ژێر هەموو ناوچەکە داگری.

ئەگەر بە وردی سەیری ڕووداوەکان بکەیت تێک هەلکێش هەیە نەک کۆبەندیەک لە سەر ئەوەوە بیت کە دوو لای دژ بە یەک هەبیت و هەر یەکەیان لە ڕێگای بانگێشەکانیان ڕەوایی ماف بە خۆی بدات و لاکەی تر تاوان بار بکات. ئەگەر تەماشای باری ناوخۆی ئەو وڵاتانە بکەیت، دەبینی هەم دابەش بوونی سیاسی بە تایبەتی لە نێوان تەیاری دیموکراتی و تەیاری دینی هەیە هەم دیاردەی پێکەوە ژیانی بە گیروگرفت، هەم توندوتیژی وجارو بار ڕووبەڕوبونەوەی چەکداری لە نێوانیان. تەیاری دینی لە نێو خۆیان لە لایەکەوە دژایەتی خۆیان بۆ دەسەڵاتی باو و دەستێوەردانی دەرەوە نیشان دەدەن هەم لە نێو خۆشیان لە سەر بنەمای تایفە گەری بە تایبەتی شیعەو سوننی دابەش بووینەو لە ناویاندا توندوتیژی، یەکترقبولنەکردن و تاوانبارکردن، شەڕی تایفە گەری و هەر ناوچەو بە جۆرێک. تەیاری دیموکراتیش بە سەر چەندەها نێوەندی ناکۆک دابەش بووینەو نەگەیشتوونە ئەو ئاستەی کە لە نێوان خۆیان بەرنامەیەکی هاوبەشیان هەبێ و لە ڕێگەیەوە تەعامول لە گەڵ باری ناوچەکە بکەن. کە ئەمەریکیەکان لە عیراقن، واتە ئەوانیش دەچێتە خانەی بەشێک بن لە چارەسەر یان گیروگرفت. بە مەزندەی هەندێکیان بەشیکن لە گیرو گرفت وە بە مەزندەی ئەوانی تر بەشێکن لە چارەسەر. ڕاستە ئەوان بەو ناوەوە هاتوونەتە ناوچەکە بە نیوی لە ناوبردنی تیرۆرو بەرقەرار کردنی دیموکراتی لە تەواوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەڵام ئەجنداو مەتامیحی خۆشیان لەو ناوچە ستراتیجیەو دەوڵەمەندە بە سامانی نەوت هەیە. نەیارەکانیان هاتنی ئەمەریکی بۆ هۆکارەکەی دووەم دەگێڕنەوە.

ئێران و سوریاکە بەیەک محوەر لە ناوچەکە خۆیان نیشان دەدەن، هەتا پێیان کرابێ و بکرێ کۆسپ و تەگەرە بۆ هێزەکانی ئەمەریکی لە عیراق و هەوادارانیان لە لوبنان و فەلەستین و شوێنی تر دەنێنەوە. مانەوەو سەرکەوتنی خۆیان بەوە دەبینن کە ئەمەریکا لە ناوچەکە شکست بهێنێ تاوەکو نەتوانێ بەرەڕوویان کێل بێتەوە. لە لاکەی تریشەوە مەدی ئیسلامی بە قازانجی تیرۆریست لە ناوچەکە وها گەشەی کردوە، ئەگەر ئەمەریکا لە باریکیان دەرنەهێنێ و سوود لە دیاردەی تایفە گەری و شەڕی تایفی نێوانیان وەر نەگرێ، مەحالە لە توانای دابێ ڕووبەڕوی ئەو مەدە فراوانە بێت.

بەشی زۆرەکەی تەیاری دینی شیعی لە عیراق، لوبنان، تەواوی وڵاتانی تری عەرەبی، ئێران زیاتر بە مەرجەعی خۆیان دەبینن نەک حکومەتەکانیان یان ئەمەریکا، ئەوە جگە لەوەی کە موقتەدا سەدری

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

عیراق و حیزبوللەی لوبنان و حەماسی فەلەستین دەتوانم بڵێم لە زۆر ڕووەوە تەوجیهات لە ئێرانەوە وەردەگرن. لە لاکەی تریش ڕێکخراوی قاعیدە، بەرەی تەوافق، بەرەی سالح مەتلەگ، پاشماوەکانی بەعسیەکان، عەشایەری عەرەبی سوننی، زۆر لە تەشکیلەی سوننی تریش هەر ڕێکاو ڕێک فراوان بوون و دەستێوەردانی ئێران لە کاروباری عیراق بە مەترسی تر دادەنێن لە هێزەکانی ئەمەریکی. ئەو دابەش بوونە مەزهەبیە خەریکە لە ڕۆژگارێکی وەک ئەمڕۆ گشت گیر دەبێ واتە تەواوی وڵاتانی عەرەبی وئیسلامی دەگرێتەوە. ئەمەریکیەکانیش ئەو هەلو مەرجەی کە لە ناوچەکە هەیە خوێندنەوەیان بۆیان هەیەو لە لایەکەوە نایانەوێ بۆ لایەکیان تەرەف دار بن وە لە لایەکی تریشەوە هەوڵی ئەوە دەدەن ئەو دوو بەرەیە ئەوها بکەوێتەوە کە نفوزی ئەوان لە ناوچەکە لە سایەیا گەشە بکات.

هەموو جیهان پالپشتی کێشەی فەلەستین و پێک هێنانی ئاشتیانەی دەولەتیانە لە هەردوو هەرێمی کەرتی ڕۆژئاواو غەزە کەچی حەماسی ئیسلامی دۆستی ئێران و سوریا بۆ بەرژەوەندی خۆیان و هەوادارانیان بەو کودەتا سەربازییەیان بە سەر ڕێکخراوی فەتحی فەلەستین تێکیان داو بە دوایەوە لەوانەیە ئەو خەونەی دروست بوونی دەولەتیان 10 ساڵی تریش بگرە زیاتریش بەرەو دواوە ببەن.

ڕاستە لە ژێر پالەپەستۆی ئەمەریکاو کۆمەڵگای جیهانی سوپای سوریە لە لوبنان وەدەر هێنرا، بەڵام سوریا توانوویەتی لە ڕێگای هەوادارانی لە بابەت حیزب وللەو ئەمین لەحودو ئیدی و تەحریک کردنی ئاژاوە گێران لە بابەت جوندی شام و ڕێکخراوی قاعیدەو هەوادارانیان لە لوبنان گەورەترین کێشە بۆ تەیاری دیموکراتی لەو وڵاتە بنێتەوە، تا وەکو لە ڕێگەیەوە نەتوانن کۆنترۆڵی سیاسی و فەرمانڕەوایەتی و ئەمنی لوبنان بکەن و زۆریشی لە بەرئەوەیە هەم دادگایی کردنی بکوژانی ڕەفیق حەریری کە ڕاستەو خۆ خۆیان تیایا تاوانبارن بە چ نەگا هەم دەشیانەوێ تەیاری دیموکراتی کە ئەمەریکاو کۆمەڵگای مەدەنی جیهانی پشتگیریان دەکا شکست بهێنن و جلەوی حوکم بۆ هەوادارانیان بگەڕێتەو ئیغتیالاتێ سیاسی ویاخی بونەکەی جوندی شام و هەلگەڕانەویان و مەشغول کردنی حکومەت پێیەوە باشترین نموونەنە کە سوریا نایەوێ ئاشتی لە لوبنان جێگیر بێت.

ئێستاکە تەنیا هەرێمی کوردستانە تا ڕادەیەک تیایدا ئاشتی بەرقەرارەو نە دیاردەی مەزهەبی تیایە و نە تەرەفیشە بۆ هەر لایەک. تا زۆر ڕادەش کارتێکردنی ئیسلامی سیاسی بەسەریانەوە لاوازە ئەوان بە تایبەتی جەماوەریان خوازیاری ئەوەن کێشەی نەتەوایەتی وقوڵکردنەوەی پرۆسیسی دیموکراتی پەرەسەندی ئابووری وبەرقەرار کردنی ڕێورەسمیەتەکانی کۆمەلگای مەدەنی بەرەو پێشەوە ببەن. کەچێ تورکیا دەیەوێ لێیان تێک بدات و قەیرانی سیاسی و حوکمی وڵاتی خۆی بەرە ئەو ئاقارە ببات کە لە بەر پەکەکەو حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕووبەڕوی ئەو قەیرانە بووینە و دەیانەوێ دیاردەی تورکمانی وهەبوونی بارەگاکانی پەکەکە لە سەر سنوور قەبە بکەن و لە ڕێگەیەوە هاتنە ناوەوەو تەنگ و چەلەمە بۆ ئەو حکومەتە کوردیە بنێنەوە.

هەمدیسان ئەمەریکیەکانیش ئەگەر چی بە قسە هیچیان لە مەڕ دۆستایەتیان بۆ کوردان تیا نەهێشتۆتەوەو باری کوردیش باشترین هۆکارە کە ئەوان بیانەوێ لە ڕێگەیەوە تا سەر لە ناقوچەکە بمێننەوە. بەڵام مرۆڤ کە تەماشای دوا خستنی تەتبیعی کەرکوک و سستیان لەو ئاژاوە گێڕیەی تورکیا لە سەر سنورەکان بۆیان دەنێتەوە دێتە سەر ئەو ڕایە کە دۆستایەتی ئەمەریکاش بۆن کورد تا سەر نیە، واتە ئەگەر بۆخۆیان ئەمری واقیع بەسەر ناوچەکە نەسەپێنن، مەحالە لە ڕێگای ئەمەریکیەکان بگەنە تەواوی داخوازیە نەتەوەییەکانیان. بەڕاستیش ئەمەریکیەکان نایانەوێ سەرەداوی کوردەکان بە سەر خۆیان بپسێنن چونکە قازانجیان لێ کردیە، هەروەها ناشیانەوێ لە سەر کورد دەورەوبەرو تورکیا لە خۆیان بکەن. دەیانەوێ ئەو وەزعە ئێستاکە چۆنە هەوابڕوا واتە ناوەندێکی مەعقول ببیننەوە نە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردیان لێ ببێت نە دەروجیران، ئەوە وێڕای ئەوەی بە دەردی کوردەنی گوتەنی ولآتەکەشمان نەوتی تیایە وئەمەریکا بیەوێ وەک پێشتری ئینگلیزەکان سود لەو ئاشوبەی ناوچەکە وەرگری و لە ڕێگەیەوە ئەو داهاتەش لە کوردو ناوچەکە یاساغ بکات ئەمەش مەسەلەیەکی ترەو ڕاستی هەلدەگرێ. تۆپەکە کەوتۆتە لای حکەمەتی هەرێمی کوردستان ئەگەر زیرەکن و بە تەک کوردەوە دێن نەیەلّن گۆل لە کورد بکرێت. چونکە باری کورد لە تەواوی ناوچەکە بە حکومەتەکانیشیانەوە کە کەوتونەتە ناو ئەو تەنورە لە هەمووانیان باشترە.

yahoo@mahdikawani .co .uk /2007/06/19/بەریتانیا/

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.